# بەرەو مۆزەخانەی هونەری نیشتمانی

کە باس لە هونەر و دنیای هونەری گەلان دەکرێ، بێگومان هەموو گەل و نەتەوەیەك شانازی بە رابردوو و شاكاری هونەری نەمریی خۆی دەكات، چونكە ئەو شاكارە بۆتە ناسنامە و رەمزی میللەتانی جیهان و هەمیشە بە بایەخەوە لێی دەڕوانرێت، بۆیە گرنگیدان بە رابردووە هونەرییەكان و شاكارە نەمرەكان لە هەر بوارێكی هونەر، جێگای شانازیی گەل و نەتەوەكانی دونیایە، نەوە دوای نەوە رێز لەو هونەرە پڕ بایەخە دەگرن و بە چاوی رێز و نەمریی سەیری دەكەن، بێگومان سەرچاوەی زانین و بینینی ئەو بەرهەمانە لە شوێنێك خۆی دەدۆزێتەوە پێی دەڵێن مۆزەخانە.. ئەوەی مەبەستە لێرەدا ئاماژەی پێ بكەم، بریتییە لە دامەزراندنی مۆزەخانەیەكی هونەری نیشتمانی لە هەرێمی كوردستان، كە ئەم مۆزەخانەیە لە چوارچێوەی بەرهەمی هونەری دێرین و ئەرشیفی هونەری و كەلوپەلی یادگاری بەجێماوی هونەرمەندە ناسراوەكانی كورد خۆی بدۆزێتەوە، بەداخەوە تائێستا هەوڵێك نەدراوە بۆ پارێزگاریكردن لە كۆمەڵە بەرهەمێك كە خەریكە لەناو دەچ! هەم وەك بەرهەم، هەم وەك كەلوپەل، بۆ زێتر رۆشنایی خستنە سەر ئەم بابەتە دەتوانین بە شێوەیەكی خێرا لەم چەند خاڵە ئامانج و مەبەستی (مۆزەخانەی هونەری نیشتمانی) بخەینەڕوو :

١- بە ئەرشیفكردنی بەرهەمی گۆرانی و ئاواز :

پێویستە سەرجەم بەرهەمە دێرین و رەسەنەكانی هونەرمەندانی كورد لە شوێنیكی تایبەت خۆی بدۆزیتەوە،كە بەداخەوە بەشێكی زۆر لە گۆرانییە كۆنەكان بەرەو فەوتان چوون، لە كاتێكدا بەهۆی هەوڵی تاك تاكە پارێزراوە، بۆیە پێویستە هەموو دەنگ و رەنگ و ئاوازە دێرین و ناسراوەكانی ساڵانی زوو لەم مۆزەخانە و ئەرشیفە نیشتمانییە خۆی بدۆزێتەوە، ئەمەش هەم ئاسانكارییەكە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ توێژینە و لێكۆڵینەوە لەسەر ئەرشیفی گۆرانی بكەن، هەم ئەوانەی دەیانەوێ زانیارییان لەسەر ئەم بەرهەمە دێرینانە هەبێت، ئەوا لەم بوارەدا بەفراوانی دەتوانین سوودوەرگرین و بەرهەمەكانیش بپارێزین.

٢-لە بواری فیلم و سینەمادا :

بەهەمانشێوە ئەرشیف و بەرهەمە سینەماییەكان لەنێو ئەم مۆزەخانەیە خۆی بدۆزێتەوە، بۆ نموونە هەموومان شانازی بە فیلمی سینەمایی (نێرگز بووكی كوردستان) دەكەین، بەڵام زۆربەمان وەك ناو بیستوومانە وەك بەرهەم رەنگە تەنیا لای چەند كەسانێكی خەمخۆر هەبێت و بەس! ئەویش لە چوارچێوەی ماڵ خۆی دەدۆزێتەوە! بۆیە دەكرێ فیلمێكی وەك نێرگز بووكی كوردستان كە بە یەكەم فیلمی سینەمایی دوای راپەڕین دادەنرێت، دەبێت شانازی پێ بكەین و بە ئەرشیفێكی پارێزراوەوە هەڵبگیرێت، جگە لە چەندین فیلم و بەرهەمی تر كە بە شاكاری نیشتمانی پێناس دەكرێ، بەڵام بەداخەوە لە چوارچێوەیەك زیندانی كراوە.

٣- شانۆ و نواندن و بەرهەمی ئێزگەیی و تەلەفزیۆنی :

بێگومان لەم بوارانەشدا خاوەن چەندین بەرهەمی دێرین و نەمر و جوانین، بەڵام هەر بەرهەمێك



ئاری ئاغۆک

لە کەناڵێک یا کەسێکی ئەرشیف پارێز خۆی دەدۆزێتەوە! بۆیە لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر تەمسیلیە کۆنەکانی ساڵانی زوو لەو مۆزەخانەیە بوونی هەبێت و لە گۆشەیەکدا لەکاتی سەردانیکردنی بینەر نمایش بکرێت، بێگومان دەبێتە جێگای بایەخ و زیندوویی ئەم بەرهەمە جوانانەی ئەوێ رۆژێ، کە بە توانا ماددییەکی کەم و بە تەکنیکێکی زۆر سادە، بۆتە رابردوویەکی زێرین و نەوەکانی ئەو سەردەم و ئێستاش بە تامەزرۆییەوە تەماشای دەکەن .

٤- دونیای هونەری وێنەکێشان و تابلۆ :

لەم جیهانە جوانەی رەنگ و تابلۆ و وێنەکێشاندا، میللەتی کورد خاوەن چەندین شاکاری هونەرییە و چەندین هونەرمەندی مەزنمان هەیە کە بەرهەمەکانیان لە ئاستی نێودەوڵەتی بایەخی پێدراوەو بە چاوی هونەری نەمر لێی دەڕوانن، کە لە چەندین پێشانگای وڵاتان بەشداری پێ کراوە، بەڵام لە ئاستی ناوخۆ بەم شێوەیە گرنگی پێ نەدراوە، یان بەم بایەخەوە هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە، بۆیە لە نێو ئەم مۆزەخانەیە ئەگەر لە پانتاییەکی دیاریکراو و لە گەلەرییەکی کراوەی بەردەوام تابلۆکان نمایش بکرێت، ئەوا جوانترین دیمەن و گەورەترین شانازی بۆ هونەرمەندان دەبێت، کە هەست بەو واقیعە دەکەن کە بەرهەمەکانیان بایەخی پێ دەدرێت، نەك دوای نیشاندانی لە پێشانگایەك ئەوا لە گۆشەیەکی ماڵ تۆزی لەسەر بکەوێت!

٥-یادگاری و کەلوپەلە بەجێماوەکانی هونەرمەندان

پێشنیار دەکەین لەم مۆزەخانەیە بەشێك تەرخانبکرێت بۆ کەلوپەل و جلوبەرگ و یادگارییە بەجێماو و دەستنووسەکانی هونەرمەندانی کورد، کە لە پێشانگایەکدا نیشان بدرێت، بێگومان دەبێتە جێی بایەخی بنەماڵەو نەوەی هونەرمەندی کۆچکردوو، هەروەها هونەرمەندانی سەردەمیش هەست بەو پیرۆزی و بایەخە دەکەن کە رێز لە هونەر و ژیان و تەمەنیان دەگیرێت، بۆ نموونە بەر لەوەی هونەرمەندی گەورە (تاهیر تۆفیق) کۆچی دوایی بکات، ئەوا وەسیەتی کرد جلوبەرگ و کڵاو و جەمەدانی و چاویلکەکەی پێشکەش بە هونەرمەند (سادق حەریری ) بکەن، دواتر هونەرمەند (سادق حەریری ) شانازی بەو یادگارییە بەجێماوە دەکرد، بەڵام ئێستا (سادق حەریری )یش کۆچی دوایی کردووە، بۆیە ئەگەر مۆزەخانەیەکمان هەبوایە، ئەوا بێگومان ئەم یادگارییە بەجێماوانە لەم مۆزەخانەیە خۆی دەدۆزیەوە..

بۆیە دامەزراندنی مۆزەخانەیەکی لەم چەشنە بە گرنگ دەزانین، لەگەڵ ئەوەی کە بە درەنگەوە باسمان کردەوە، بەڵام وەك پرۆژە و بیرۆکە دەمێکە لە خەیاڵدایە، بە ئومێدین خەمخۆران و بەرپرسانی هونەری، بە بایەخەوە لەم پێشنیارە بڕوانن، ئەوکات دەتوانین پرۆژەو پلان و بەرنامەو نەخشەی کارکردن بخەینەڕوو، چونکە کاتی ئەوە هاتووە ئەم ئەرشیف و بەرهەمە جوان و پاك و شاکارانەی لابەلا پارێزراون، لە مۆزەخانەی هونەری نیشتمانی خۆیان بدۆزنەوە.

# ساکشی منداڵێک تەبەننی دەکات



خانمە ئەکتەری ناسراوی هیندی ساکشی تانوار رایگەیاند کە منداڵێکی تەبەننی کردووە و ناوی ناوە (دیتیا)، ئەمەش وەکو خۆشەویستیی بۆ لاکشمی کە یەکێکە لە خوداوەندەکانی هیندوسەکان و لە سەرتاسەری هیندستان ژمارەیەکی زۆر پێڕەوی هەیە.
سەبارەت بەم هەنگاوەی ساکشی دەڵێت: دایکم پیرۆزبایی لێ کردم و خانەوادە و هاورێیانیشم پشتگیرییەکی تەواویان کرد، ئەمەش مایەی خۆشحاڵیی منە، چونکە دوای تەبەننی کردنی ئەم منداڵە ئێستا تەمەنی گەیشتە نۆ مانگ و هەست دەکەم زوو گەورە دەبێت.

ساکشی هەروەها نامەیەکی بۆ کچەکەی نووسیوە و دەڵێ: رۆڵە شیرینەکەم هەست بە خۆشییەکی بێ سنوور دەکەم کە تۆش بەشداری دەکەی لەو خۆشییانەدا، بەخێر بێی بۆ نێو ئەو ژیانەی کە بە هاتنی تۆ زیاتر رووناك بووەتەوە، بێگومان ئەمە گەورەترین ساتەوەختەکانی ژیانی منە، هەست دەکەم خوا نوێژەکانی منی قبووڵ کردووە و نیعمەتێکی خودایە پێی بەخشیوم.

# پاریس هیلتۆن خانوویەک بۆ سەگەکانی تەرخان دەکات



کچە ئەکتەر و گۆرانیبێژی ناسراوی ئەمریکی پاریس هیلتۆن رایگەیاند کە سوپرازێکی گەورەی بۆ هەوادارانی خۆی هەیە لەسەرتاسەری جیهان، لە هەمان کاتدا بە دووری نەزانی ئەم کارەی ببێتە مایەی نیگەرانی و تووڕەبوونی بەشێکی زۆر لە هەوادارانی و پێشبینی دەکات لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هێرشی زۆری بکرێتە سەر.

پاریس کۆشکێکی بە تەواوی لە لۆس ئەنجلۆس بۆ سەگەکانی ئامادە کردووە کە گشت پێداویستییەکانی تێدایە لە کورسی و شوێنی خەوتنی زۆر پێشکەوتوو و گرانبەهای تێدا فەراهەم کردووە سەبارەت بە تێچووی خانووەکەش کە تایبەتە بە یەگەکانی تا ئێستا زیاتر بووە لە ( ٣٢٥٠٠٠) دۆلار، چونکە بە تەواوی هاوشێوەی کۆشکی خۆیەتی کە لە دوو نهۆم پێکهاتووە، نهۆمی خوارەوە بۆ دانیشتنە و نهۆمی سەرەوەش لە ژووری خەوتن وشوێنی هەڵگرتنی کەلوپەل و جلوبەرگی سەگ و ئاژەڵە ماڵییەکانیەتی، هەروەها بڕێکی زۆر قاپ و کەلوپەلی تێدایە گرانبەها و کریستاڵی تێدایە، بەشی زۆری رەنگی خانووەکە پەمەیی و لەلایەن دیزاینەری ناسراو فای ریسینك دایناوە.

هۆکاری گرنگیدانی پاریس بە ئاژەڵەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پاریس عاشقی سەگە و تا ئێستا ٣٥ جۆرە سەگی جۆراوجۆری لە ماڵ هەیە و ناوی بەشێکیان بەم شێوەیە: تینکریاس، مارلین مۆنرۆ، پرێنس بیبی بیر، دولتشی، برادا، هاراجوکە.
پاریس یەکێکە لەو گۆرانیبێژانەی کە خۆشەویستییەکی بێ سنووری بۆ سەگ هەیە و بەر لەماوەیەك سەگێکی بە بڕی (١٣) هەزار دۆلاری ئەمریکی کڕی.



# ئەحلام حەجی لە هەولێر کاری خێرخوازی ئەنجام دەدات

ئەحلام حەجیی شاجوانی پێشووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە میانەی کارو چالاکییەکانی لە بواری خێرخوازی لە چوارچێوەی کارەکانی ڕێکخراوی (احلام الگفوله) تا ئێستا لە چەندین وڵاتدا کاری خێرخوازی ئەنجامداوە، بەتایبەتی لە بواری یارمەتیدانی منداڵانی بێ سەرپەرشت.

ئەحلام لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان رایگەیاند کە بڕیاری داوە لە ماوەیەکی نزیکدا سەردانی کوردستان بکات و چەند کارێکی خێرخوازی ئەنجام بدات، وتیشی: من بە سرووشتی خۆم کەسێك هێمنم، تەنانەت کاتێك خۆشیش دەردەبڕم، بینینی خەڵك بە دڵخۆشی وا دەکات هەست بە کامەرانی و ئاسوودەیی بکەم، بەتایبەتی کاتێك من هۆکاری خۆشییەکانیان بم، جا ئەگەر ئەمە لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە بێت، یان لە ڕێگای کارە خێرخوازییەکانم کە لە چوارچێوەی ڕێکخراوی (احلام الگفوله)ەوە پێشکەشیان دەکەم. یەکێك لەو کارانەی کە من بەردەوام گرنگییان پێ دەدەم لە ژیانمدا بریتییە لە یارمەتیدانی منداڵان لە هەر کوێیەك بن و تا ئێستا بەپێی توانا یارمەتییان دەدەین، لە مەغریب و چەند وڵاتێکی ئەفریقیا، بە هەمان شێوە لە کوردستان و شاری موسڵیش کاری خێرخوازیم ئەنجامداوە و جگە لە کاری منداڵان بەشداریم لە هەڵمەتێکی ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی ژمارەیەکی خانووی شاری موسڵدا کردووە، ئەمە جگە لەوەی کە سەردانی کەمپی هەرشەم کردووە کە تایبەتە بە ئاوارەکانی شاری موسڵ.

دەربارەی کارەکانی لە داهاتوودا کچە نمایشکار و ڕاگەیاندکاری مەغریبی وتی: بێگۆمان من بەردەوام دەبم لە کارەکانم لە بوارەکانی نمایشکاری و ڕاگەیاندن، بەڵام گرنگییەکی زیاتر بە کاری خێرخوازی دەدەم، بڕیار وایە لە کاتێکی زوودا سەردانی شاری هەولێر بکەم بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکانی تایبەت بە جلوبەرگ، بەڵام هۆکاری سەرەکیی ئەم سەردانەم بۆ یارمەتیدانی منداڵانی بێ سەرپەرشتە، بۆیە بەنیازم سەردانی خانەیەکی منداڵان بکەم بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشیان ببم و بتوانم بەپێی توانای یارمەتییان بدەم.



## سەلما حەبیبی بۆ گولان:

# بە فیلمێک توانیم یاسایەکی مەغریب بۆ بەرژەوەندیی ئافرەتان بگۆڕم

**هەر لە تەمەنێکی زوودا خولیا و حەزی هونەر لە مێشك و دەروونیدا چەکەرەی کردبوو و توانیی لە رێگای کورتە فیلمەکانی و بە نیشاندانی گرفت و دەردەکانی نێو کۆمەڵگا سەرنجی بینەر بۆ خۆی رابکێشێت، چونکە زۆر راستگۆیانە و بە جورئەتەوە رۆڵەکانی بینیوە و فیلمەکانی زۆرترین بینەری هەیە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە بینەر زیاتر سەیریان دەکات و بە ئاسانتر دەستیان دەکەوێت، فیلمەکانی سەلما حەبیبی جۆرێك لە جورئەتیان تێدایە، بەڵام جورئەتێکی سنووردار و لەسەر حیسابی جەستەی خۆی نەبێت، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵدا ساز بکەین.**

وەك زۆربەی کچە ئەکتەرە مەغریبییەکان زۆربەی فیلم و کارەکانی سەلما بەر لەوە لە هۆڵەکانی سینەما نمایش بکرێن بە دی ڤی دی و لەسەر کەناڵەکانی یوتیوّب بڵاو دەکرێنەوە، لەم بارەیەوە دەڵێ: من سەرەتا لە دوو کورتە فیلم بەشداریم کرد دواتر دەرهێنەرێکم ناسی کە لە مەغریب بەناوبانگە و چەندین فیلمی درێژی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی فیلمەکانی جورئەتی زۆریان تێدابوو رێگایان نەدەدا زۆر لە تەلەفزیۆن دەرکەوێت و چاودێرییەکی زۆریان خستبووە سەر فیلمەکانی، هەروەها توانای ماددیشمان دیاریکراو بوو و ئەو فیلمانەی ئەنجامیشمان دەدا لەسەر ئەرکی خۆمان بوو کە لێرە ئێمە پێی دەڵێین فیلمی سەربەخۆ، ئەمانە هۆکار بوون بۆ ئەوەی فیلمەکانمان بە دی ڤی دی و لەسەر یوتیوّب بڵاوبکرێتەوە، ئەگەرچی ئەو داهاتەی لەو فیلمانەش دەستمان دەکەوێتەوە زۆر کەمە و ناگاتە

ئەو ئاستەی کە قازانجی هەبێت و دەمێنێتەوە سەر ئاستی بینینیان، بەڵام هەرچۆنێك بێت دەبێتە هۆکارێك کە بەردەوام بین لە بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە فیلمانە، چونکە زەحمەتە بتوانین لە یەك کاتدا لە یوتیوب و لە سینەما فیلممان هەبێت، بۆ ئێمەش جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، چونکە رێگا پێدراون و بە هیچ شێوەیەك قەدەغە نەکراون و کورتە فیلمەکانیشمان لە هەموو شوێنێك بە ئازادی نمایش دەکرێن و دەفرۆشرێن، هەروەها جگە لە فیلم و کورتە فیلم ئێمە زنجیرەشمان بەرهەمهێناوە کە لەسەر یوتیوب و بە سیدی و دی ڤی دی دەفرۆشرێن لەوانە زنجیرەی (سیتکۆم) کە هەر ئەڵقەیەکی باس لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەکات.

کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان گرنگترین ئەو بابەتانەن کە سەلما لە فیلمەکانیدا باسیان دەکات و هەوڵ دەدات بیانخاتە روو و لە رێگای یوتیوب و سیدی، چونکە کەناڵە مەغریبییەکان رێگا بە بەرهەمەێنان و نمایش کردنی هەموو جۆرە فیلمێك نادەن، لەم بارەیەوە دەڵێ: حەز دەکەم هەر بابەتێك من لە فیلمەکانمدا بیخەمەڕوو پەیوەندی بە تەواوی کۆمەڵگاوە هەبێت بەتایبەتی ئافرەت و منداڵان، حەز دەکەم فیلمەکانم جورئەتیان تێدا بێت جورئەتێك لە سیناریۆ و بابەتەکەدا هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا بابەتی بن و نەك تەنیا جورئەتێك بێت لە پێناو وروژاندن و خۆنمایش کردن، حەز دەکەم ئەو بابەتانە بوروژێنم کە لە کۆمەڵگادا زۆرن، بەڵام لە هەمان کاتدا شاراوەن و کەس نەیخستوونەتە سەر شاشە بەوە شێوەیەی کە پێویستە بە مەبەستی وشیار کردنەوەی کۆمەڵگا وەك بابەتەکانی دەستدرێژیی سێکسی و بە شوودانی کچانی ناکام ئەوانەی لە رووی تەمەنەوە یاسا رێگایان پێنادا ژیانی هاوسەرێتی پێکبهێنن کەچی ناچارن ببنە هاوسەری کەسانی لە خۆیان بەتەمەنتر، منیش ئەم جۆرە رۆڵانەم بینیوە، لە یەکێك لە فیلمەکانمدا دەستدرێژیی سێکسیم دەکرێتە سەر، بەڵام مەبەستم تەنیا لایەنی سێکسی نەبوو بەڵکو فیلمەکە ئامانجێکی هەبوو و ئامانجەکەشی پێکا، چونکە بووە هۆی گۆڕینی یاسای (پاراستنی کچان).

**سەلما هەروەها دەڵێ:** وەك باسم کرد ئامادەم رۆڵێك ببینم جورئەتی تێدا بێت، بەڵام ئامانجی هەبێت و پەیامێك بگەیەنێت واتە جورئەتێك بە خۆڕایی نەبێت لە هەمان کاتدا منیش وەك هەموو هونەرمەندانی دیکە هێڵی سوورم داناوە بۆ چۆنیەتی کارکردنم و بە هیچ شێوەیەك ئامادە نیم رۆڵی کچێك ببینم کە کوڕێکی خۆش بوێت و دیمەنی وروژێنەری تێدا بێت بێ ئەوەی ئامانجێکی هەبێت کە سوود بە تەواوی کۆمەڵگا بگەیەنێت و پەیوەندی بە ژیانی هەموانەوە هەبێت.

سەرەڕای پێشکەش کردنی ئەو فیلمانەی کە پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە و پەیامێك دەگەیەنێت، بەڵام هەر ئەو خەڵکیە هێرش دەکاتە سەر ئەم جۆرە فیلمانە، سەلما یەکێکە لەوانەی تووشی ئەم جۆرە کاردانەوەیە بووە ولەم بارەیەوە دەڵێ: دوو فیلمی یەکەمم ئاسایی بوون و جورئەتێکی ئەوتۆیان تێدا نەبوو، بەڵام فیلمی سێیەمم (القانون لايحمي العذاري) دیمەنی دەستدرێژی سێکسی تێدا بوو، بۆیە دوای بڵاوبوونەوەی نیوەی مەغریب هێرشی جیاجیایان کردە سەرم بە هەموو شێوەیەك و بە (بێ رەوشت) و (لەشفرۆش) و چەندین شتی دیکەی ناشیرین ناویان بردم، تەنانەت خانەوادەکەشم بوونە ئاستەنگ لەبەردەمم و پێیان گوتم ئێمە رێگامان پێدای لە سینەمادا کار بکەی، بەڵام نەك لەو جۆرە فیلمانە کە کاریگەری لە ناوبانگی ئێمە بکات، کەچی دوای ئەوەی فیلمەکە بووە هۆی گۆڕینی یاسایەك بۆ پاراستنی کچان لە مەغریب و بەشداری لە چەندین فیستیڤاڵدا کرد و زۆر خەڵاتیشی بەدەستهێنا ئینجا دەستخۆشییان لێکردم و درکیان بەوە کرد کە من ئامانجی خۆم لەم فیلمە پێکا و لە پێش هەمووشیانەوە خانەوادەکەم کە زۆر سوپاسیان دەکەم بۆ هاندانیان.

**سەبارەت بە زانیارییەکانی دەربارەی فیلم و سینەمای کوردی و عێراقی، سەلما دەڵێ:** تا ئێستا هیچ زانیارییەکی ئەوتۆم دەربارەی فیلم و سینەمای کوردی و عێراقیش نییە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە لێرە باش نمایش ناکرێن و پەیوەندیی بەردەواممان نییە، بەڵام لە رووی کۆمەڵایەتییەوە نزیك بوونێك و هاوشێوەیەك لە نێوان کۆمەڵگاکانماندا هەیە، بۆیە دەتوانین سوود لە یەکتری وەربگرین بەتایبەتی لە رووی چیرۆك و سیناریۆکان.

**سەلما ئێستا قوتابیی قۆناغی کۆتاییە ئەمەش وایکردووە ئێستا کاتی خۆی زیاتر بۆ خوێندن تەرخان بکات، لەم بارەیەوە دەڵێ:** لە فەرەنسا و میسر چەندین کاری جیاجیام پێشکەش کراوە، بەڵام ئەم ماوەیە بڕیارمداوە زۆربەی کاتی خۆم بۆ خوێندن تەرخان بکەم، چونکە من قوتابیی قۆناغی کۆتایی کۆلێژم و ناتوانم بەشداری لە کارێکدا بکەم لە دەرەوەی مەغریب، ئەگەر لە مەغریب بێت تا رادەیەك ئاسانترە و رەنگە بتوانم بەشداریی تێدابکەم، ئەگەر کات گونجاو بێت مانگی سێپتێمبەر سەردانی فەرەنسا دەکەم ئەو کارانەی پێشکەشم کراوە لە نزیکەوە دەیانخوێنمەوە ئینجا بڕیار دەدەم بەشداری تێدا بکەم، چونکە ئەو دەرهێنەرە مەغریبییە دانیشتووی فەرەنسایە، حەز دەکەم ئاماژە بەوەش بکەم کە سەرەڕای ئەو هەموو فیستیڤاڵانەی لە مەغریب ساز دەکرێن سینەمای مەغریبی لە ئاستێکی باشدا نییە، هەرچەندە دەڵێن لە ئاستێکی باشدایە، بۆ نموونە لە شارێك کە دوو فیستیڤاڵی جیهانی باوەڕ پێکراوی تێدا ئەنجام دەدرێت کە ئەستێرەی سینەمایی جیهانی و میسری بانگهێشت دەکرێن، کەچی هۆڵێکی سینەمایی نییە بۆ نمایش کردنی فیلمەکان ئەمەش مایەی پێکەنین و سەرسوڕمانە.